# پەرەسەندنە سیاسییەکانی میسر لە ماوەی حکومڕانی
# ئەنوەر سادات "١٩٧١-١٩٨١"

د. ئەحمەد حەمەدئەمین

**دەستپێك:**

٢٣ی تەمموزی ١٩٥٢،( ئەفسەرە ئازادیخوازەکان) لە ناو سوپای میسر کەوتنە جموجوڵو هەنگاونان بۆ دەست گرتن بەسەر( قاهیرە)، لەم سەروبەندەیەشدا( مەلیك فاروق) هەستی بە مەترسییەکان کرد، بۆیە لە ٢٦ی تەمموز دەسەڵاتی ڕادەستی کوڕەکەی کرد، بەڵام ئەمەش نەیتوانی چارەسەری بارودۆخەکە بکات، ئەگەر بزانیین( ئەفسەرە ئازادیخوازەکان) بە سەرۆکایەتی( جەمال عەبدولناسر) سەرکەوتنیان بە دەست هێنانو لە ١١ی حوزەیرانی ١٩٥٢ کۆتاییان بە دەسەڵاتی پاشایەتی هێنا لە میسر.

شۆڕشگێرەکان سەرەتا بانگەشەی دیموکراسیان دەکرد، بەڵام ئەم ڕێو شوێنانەی گرتیانە بەر لە دواتر تەواو پێچەوانە بوو. لەم چوارچێوەیدا داوایان لە پارتەکانی سەر گۆرەپانی میسر کرد چاکسازی لە ناو ڕێزەکانیان بکەن. بۆ ئەو مەبەستەش مەرسوومی یاسای ژمارە( ١٧٩) یان لە ساڵی ١٩٥٢ دەکرد سەبارەت بە ڕێکخستنی پارەتەکان، بەڵام لە دواتر هەڵسان بە دەکردنی یاسای هەڵوەشانەوەی پارتە سیاسییەکانو دەست گرتن بەسەر کەلو پەلەکانیان، ئیتر بۆ شەرعییەت دانیش بەم هەنگاوە مەرسوومی ژمارە(٣٧) یان لە ساڵی ١٩٥٣ دەرکرد کە سێ پرەنسیپی لە خۆگرتبوو:

١- دەست گرتن بەسەر موڵكو ماڵی پارتەکان.
٢- قەدەغە کردنی پارتەکانو ئەندامەکانیان لە چالاکی سیاسی.
٣- قەدەغە کردنی دامەزراندنی پارتی نوێ.

ئەمەش مانای کۆتایی هێنان بوو بە ژیانی فرە حزبی لە وڵاتدا.

لە ڕاستیدا، سەردەمی فەمانڕەوایەتی( جەمال عەبدولناسر) تایبەتمەندی تایبەت بە خۆیی هەیە، کە لەسەردەمی پێش خۆییو دوای خۆی جیا دەکاتەوە. وەك ئەوەی لە سەردەمی( ناسر)دا زیاد بوونی هەژموونو ڕۆڵی سەرکردە سیاسییەکان لەسەر دامەزراوە سیاسییەکان دەبینرێن، کە ئەمەش بۆ کەسییەتی(ناسر) دەگەرێتەوە. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە، باوردۆخی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی کەوتبووە بەر مەترسییەوەو، سیستەمی تاك حزبی دەسەپێنرێ. هەروەها هەر لەم سەردەمە بەپێی دەستووری ساڵی ١٩٥٦ ڕێکخستنێکی میللی بە ناوی( یەکێتی نەتەوەیی) دێتە دامەزراندنو دواتریش لە ساڵی ١٩٦٢ ناوەکەی بۆ( یەکێتی سۆسیالیستی عەرەبی) گۆراو، لە دەستووری ساڵی ١٩٦٤یش بە تاکە ڕێکخستنی میللی دەدرێتە قەڵەم. ئیتر بەم هەنگاوە ڕەوایەتیان بۆ هیچ جۆرە کارێکی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی نەمایەوەو،( ناسر)یش سیستەمی دیکتاتۆری شۆڕشگێری پەیرەوکرد، کە تیایدا هەموو بەربەستو بۆچوونێکی جیاواز لە ناو ببردرێت، بەمەش پرۆژەی ئەلتەرناتیڤیش بە دوژمنایەتیو پلانگێری دەخوێنرایەوەو هەموو کارێك بە دەستی بێگانەو خیانەتکاری لە قەڵەم دەدرا.

٢٨ی ئەیلولی ١٩٧٠( جەمال عەبدولناسر) کۆچی دوایی کرد، بەمەش میسر پێینایە قۆناغێکی نوێ کە قۆناغی فەرمانڕەوایەتی( ئەنوەر سادات)ە.

# سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەنوەر سادات

## سیستەمی سیاسیو پەیوەندییەکان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆزندا

( ئەنوەر سادات) کەسایەتییەتی مەدەنی بوو، بەڵام یەکێك بوو لە کەسایەتییە نزیکەکانی( ئەفسەرانی ئازادیخواز) هەر بۆیەش لە ماوەی حکومڕانی( جەمال عەبدولناسر)دا بوو بە سەرۆکی ئەنجوونی گەل( پەرلەمان)و لە ١٩٦٩ بە جێگری سەرۆك کۆمار، واتە دەکرێت بووترێ ئەوە یەکێك بوو لە فاکتەرەکانی رێگا لەبەردەم خۆشکردنی بۆ وەرگرتنی سەرۆکایەتی میسر بە هاوکاری( یەکێتی سۆسیالیستی عەرەبی).

( سادات) لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٧١ بە ریفراندۆمو دەنگی حەفت ملیۆن میسری بە سەرۆکی میسر هەڵبژێردرا. لەگەڵ سەرەتاکانی وەرگرتنی دەسەڵاتیش هەوڵی ئەوەیدا جێ پەنجەی خۆی لەسەر سیاسەتی وڵات بنەخشێنێو ئەم هەنگاوەشی بە(شۆرشی چاکسازی) ناوبردو، زوو کەوتنە کپ کردنی هەموو ئەو دەنگە نارازییانەی ناوەوەی وڵات بە تایبەت چەپەکانو هەوادارەکانی( ناسر) [(1)]. لەم چوارچێوەشدا (عەلی سەبری) جێگری لاداو، ناوبراویش لە بەرانبەردا رووبەرووی بوویەوەو بەم ئەنجامە حەفت وەزیر لە هەوادارانی دەستیان لە کار کێشایەوە، ئەمەش بیانووی دایە دەستی(سادات) دەستگیریان بکات، بە تۆمەتی ئەوەی نیازی ئەنجامدانی کودەتایان هەیە یان بە رووێکی دیکە ئەوان دەیانەوێت درێژە بە دیکتاتۆری بدرێتو ئەویش مەبەستییەتی سەردەمێکی تازەی دیموکراسی دەست پێ بکات. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە هەر یەك لە(محەمەد حوسین هەیکەل)و(حوسێن شافعی) بۆ دژایەتی ئەوان هێشتەوە.

شیاوی باسە،(سادات) هەر بەوەندە نەوەستا، بەڵکو کەوتە رەخنە گرتن لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی(ناسر)و بە سەردەمێکی پۆلیسی دایە قەڵەمو لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٧١ ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە کار بۆ شۆڕشی چاکسازیو کرانەوەی سیاسی دەکات، بۆ ئەوەی لەم هەنگاوەوە کەسایەتیو هەوادارانی خۆی لە ناوەوەی وڵات بەرەو زیاد بوون ببات.

لەمەو بەر ئامارەمان بۆ ئەوە کرد کە دەستووری ١٩٦٤ ئازادیو دیموکراسی لە وڵات بەر تەسك کرد بۆوە، بۆ ئەم مەبەستەش لە ساڵی ١٩٧١ دەستوورێکی نوێ بۆ وڵات ئامادەکراو بە ریفراندۆم دەنگی پێدرا، ئەم دەستورە نوێیە زیاتر بواری دیموکراسیو ئازادی بەر جەستە کرد بوو، چونکە( سادات) لە رێگای ئەو دەستووره وای نیشان دەدا مەبەستییەتی گۆڕانکاری نوێ لە ژیانی سیاسی میسر بێنێتە ئاراوە، لەم چوارچێوەیەش هەندێ هەنگاوی نا وەکو ئازادکردنی زیندانییە سیاسییەکانو هەڵوەشانەوەی یاسای بەر بەست لە بەردەم چالاکییە سیاسییەکان. ئەوە لەلایەك، لە لایەکی دیکەشەوە زەمینە خۆشکرد بۆ دامەزراندنی فرە حزبی لە ٢٨ی مارت ١٩٧٦ لە کۆنگرەی پارتەکەشی لە تەممووزی ١٩٧٥ هەڵسا بە راگەیاندنو بریاری دابەشکردنی ڕەوتەکانی (یەکێتی سۆسیالیستی عەرەبی) بۆ سێ رێکخستنی جیاواز:

١- رێکخستنی عەرەبی سۆسیالیستی میسر( میانرەو)، کە( مەمدوح سەلیم) سەرۆك وەزیران بریاردەری بوو.

٢- رێکخستنی ئازادیخوازی سۆسیالیستی( راسترەو)، کە ( مستەفا کەمال) بریاردەری بوو.

٣- رێکخستنی گرد بوونەوەی نیشتمانی پێشکەتووخوازی یەکێتیخواز( چەپڕەو)، کە( خالید محێیەدین) بریاردەری بوو.

ئەنجام لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٧٦ یەکەم هەڵبژاردنی فرە حزبی بۆ ئەنجوومەنی گەلی میسر ئەنجامدرا، کە تیایدا میانڕەوەکان سەرکەوتنیان بە دەست هێنا بوون بە خاوەنی(٢٨٠) کورسی. لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی گەلیش لە ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٦، (ئەنوەر سادات) رایگەیاند ئەو سێ گروپە رێکخستنەکانیان دەگۆردرێن بۆ سێ پارتی سیاسی جیاواز،

---

(١) بە درێژایی سەردەمی( سادات) چەپەکان سەرکوت کرانو، لە هەموو رووداوەکانی کە لەم یسر ڕوویدەدا تاوانبار دەکرا. لەم چواچێوەش کاتێك خوێندکاران لە کانوونی یەکەمی ١٩٧٢ پشێویان نایەوە، چەپەکان تیا تاوانبار کران، بۆیە بریاری زیندانی کردنی بەشێکی زۆریاندرا لە حوزەیرانی ١٩٧٣ بە تایبەت چینە رۆشنبیرەکانیان .

هەر بەم بۆنەیەشەوە یاسای پارتەکانی ژمارە(٤٠) لە ساڵی ١٩٧٧ دەرچوو. ئەمەش یەکەمین هەنگاو بوو لە ساڵی ١٩٥٢ ەوە کە میسر بە فەرمی ژیانی فرە حزبی بە خۆیەوە بینی.

(ئەنوەر سادات) بەم هەنگاوانەی لەسەر ئاستی ناوخۆ مەبەستی بوو بەلای رۆژئاوادا بڕواتو ئەمەریکا رازی بکات، بۆیە هەڵسا بەلاوازیو دژایەتی کردنی چەپەکانی ناو پارتەکەیو دەرەوەی پارتەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا بە سوود بینین لە کەسایەتییەکانی دەرووبەری توانی کۆنترۆلی سەرجەم دامەزراوە سیاسیو ئەمەنیو ئیداریو سوپاییەکان بکات. بە روویەکی دیکە( سادات) لەم هەنگاوانەیدا مەبەستی بوو میسر بەرەو پێوەرەکانی رۆژئاواو ئەمریکا ببات‌و سوود لە هاوکارییەکانی ئەمریکا وەربگرێت. واتە بڕوا بوون بە دامەزراندنی فرە حزبیو رەخساندنی زەمینەی چالاکی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لای (سادات)، بۆ ئەوە بوو شەرعییەت بە دەسەڵاتەکەی بداتو مانەوەی خۆی مسۆگەر بکات. ئەمەش ئەو کاتە سەلماندی، کاتێك هەنگاوی نا بۆ هەموار کردنی مادەی(٧٧) دەستوور کە سەرۆك بۆی هەبوو تەنیا بۆ دوو خوول لەسەر یەك خۆی بۆ سەرۆکایەتی کۆمار بپالێوێتەوە. وای لە مادە کرد" **ماوەی سەرۆکایەتی شەش ساڵ، کە دەست پێدەکات لە بەرواری راگەیاندنی ئەنجامەکانی ریفراندۆم، دەشێ دووبارە سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرێتەوە بۆ خولەکانی دواتر**". هەر بە وەشەوە نەوەستا بە پێچەوانەی هەڵویستەکانی پێشووی هەڵسا بە دەرکردنی چەند یاسایەك بۆ بەرتەسك کردنەوەی ئازادییەکانو رێگەگرتن لە دامەزراندنی ئۆپۆسیۆنی کارا، چونکە هەوڵی دەدا پارتەکان لە چواچێوەی سیاسەتەکانی خۆیان دەرنەچنو لە بازنەی دەرەوەی وەرگرتنی دەسەڵات بسورێنەوە. تەنانەت کاتێك( پارتی گردبوونەوەی نیشتمانی) ویستی وەکو پارتێکی ئۆپۆزسیۆن رۆڵی خۆی بگێرێت، تاوانباری کرد بەوەی دەستی لە هاندانی جەماوەرو راپەرینی ساڵی ١٩٧٧ هەیە، بۆیە کەوتە بەر تەسك کردنەوەی کارەکانیان. لێرەشدا دەتوانرێت بووترێ راستە( ئەنوەر سادات) هەولیداوە زەمینەی فرە حزبیو کێبرکێ سیاسی دروست بکات، بەڵام مەبەست نەبووە ئەم حزبانە وەکو ئۆپۆزسیۆنی سیاسی بەرانبەر حکومەتو دەسەڵات کار بکەن، بەڵکو مەبەستی بوو هەم رووی دەسەڵات جوان بکەن هەم لە ناو خۆیاندا کێبرکێ بکەن.

(سادات) لە ساڵی ١٩٧٨ هەڵسا بە دامەزراندنی پارتێکی نوێ کە درێژکراوەی( پارتی عەرەبی سۆسیالیستی) میانرەو بوو، بە ناوی( پارتی نیشتمانی دیموکراتی)و خۆی بوو بە سەرۆك، بەمەش بوو بە وارسی مادیو مەعنەوەی یەکێتی سۆسیالیستی عەرەبیو پارتی نیشتمانی کۆنو، دەستکەوتەکانی شۆڕشی ساڵی ١٩٥٢. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە هەڵسا بە هاندان بۆ دامەزراندنی( پارتی کاری سۆسیالیستی) بە سەرۆکایەتی( ئیبراهیم شوکری) بۆ ئەوەی وەکو پارتێکی ئۆپۆزسیۆن کار بکاتو پەیوەندنی باشی لەگەڵ ئەودا هەبێت.

(سادات) بۆ جوان کردنی دەسەڵاتەکەی رێگای دامەزراندنی حزبی جیاوازدا لە میسر، بەڵام خۆی لەسەرەوەی ئەوەدا دەبینی، کاتێك خۆی بە سەرۆکی خێزانی میسر دەزانیو دەیوت پێویستە ئەندامانی خێزانەکەی لە ناو خۆیاندا ململانێ بکەن، بەڵام لەگەڵ سەرۆکی خێزانەکە دروست نییە.

ئەم هەڵوێستانەی( سادات) بەشێك لە پارتەکانی سەر گۆڕەپانی میسری تورەکرد، بۆیە( پتر وەفدی نوێ) کە پارتێکی ڕاسترەوبوو لە مایسی ١٩٧٨ بڕیاری هەڵوەشانەوەیدا کاتێك تازە چوار مانگ بوو هاتبوۆە سەر گۆڕەپانی سیاسی. هەروەها کاتێکیش کە( ١٣) ئەندامی ئەنجوومەنی گەل رەتی پەیماننامەی ئاشتی میسرو ئیسرائیلیان کردەوە، (سادات) داوای هەڵوەشانەوەی ئەجوومەنی کردو داوای هەڵبژاردنێکی نوێ کرد، کە لەم هەڵبژاردنەدا حزبی حاکم(٩٠٪) کورسییەکانی بەدەست هێناو،( حزبی التجمع) هەر دوو کورسییەکەی لە دەستدا کە پێشووتر هەیان بوو، هەروەها( وەفد) نەمابوو، هەروەها هەردوو حزبی( کاری سۆسیالیسیو ئازاد) یش ئەو وەزنە سیاسییەیان نەبوو. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە سەربەخۆکان بوون بە خاوەنی (١٠) کورسی کە پێشتر لە پەرلەمانی ١٩٧٦( ٤٨) کورسیان هەبوو. واتە وڵات تارادەیەك خاڵی بوون لە ئۆپۆزسیۆن. بەوەشەوە نەوەستا( سادات)، بەڵکو بەردەوام هەوڵی دەدا لە راپرسییەکان بۆشاییەك بۆ ئۆپۆزسیۆن نەهێڵێتەوە، بۆیە کەوتە هەوڵی ئەوەی دەنگی گەل بۆ خۆی دەستبەر بکات، کاتێکیش راپرسی ئەنجام درا (٩٩.٩٪) دەنگەکانی بە دەست هێنا.

هۆكارەكان زۆربوون بۆ بەرزبوونەوە دەنگی ناڕەزایی لە ناوخۆی وڵات بەرانبەر سیاسەتی( ئەنوەر سادات) لە ماوەی فەرمانڕەوایەتیدا.

١- سەرنەكەوتنی لە هەنگاوەكانی بۆ چاكسازی لە ڕووی ئابووری، كە ئەمەیان گەورەترین هۆكاری بوو كە شەقارێكی گەورە خستە نێوان( سادات)و گەلی میسری.

٢- نزیككەوتنەوەی لە ئیسرائیلو بەستنی پەیماننامە لەگەڵی كە ئەمە هەم دەنگی نارەزای ناوخۆ هەم نارەزای دەرەكی لێكەوتەوە، ئەوەتە لە كانوونی یەكەمی ١٩٧٣( سەعدەدین شازلی) سەرۆكی ئەركانی سوپا رەتی ئەوە دەكاتەوە كە بكەونە ئاشتییەوە لەگەل ئیسرائیل بەنێوەكردنی ئەمریكا. هەروەها ئەگەرچی( محەمەد حوسێن هەیكەل) یەكێك بوو لە نزیكەكانی( سادات) راوێژكاری بوو، بە روونی لە رۆژنامەی( ئەلئەهرام) ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە میسر زەرەمەند دەبێت بە بەستنی ئەم پەیماننامەیە كە ئەمریكا بە نوێنەرایەتی_ كیسنجەر)هەوڵدەدات بەلا ئیسرائیل بشكێنێتەوە. جگە لەوەش( حوسێن شافعی) جێگری سەرۆك لە نیسانی ١٩٧٥ دەستی لەكار كێشایەوە لەگەڵ بەستنی پەیماننامەكەی تایبەت بە دوور خستنەوەی هێزی دووەم[٢].

لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبش ئەم هەنگاوەی( سادات) رووبەرووی رەتكردنەوە هاتەوە بە تایبەت سوریا كاتێك رازی نەبوو بەشداری ئەم كۆبوونەوەیەش بكات كە نیازوابوو لە( جنێف) ببەسترێت. چونكە لە كاتی سەردانی( كیسنجر) لە ١٥ كانوونی یەكەمی ١٩٧٣ سەرۆكی راگەیاند بوو كە ئە مان مەرجی بەشداربوونیان رازی بوونی ئیسرائیلە بە كشانەوەی هێزەكانی لە هەموو ناوچە عەرەبییە داگیركراوەكان.

لە لایەكی دیكە دەبێت ئاماژە بۆ ئە دەنگە نارەزاییە بكەین كە لە میسر دەركەوت دوای سەفەری (سادات) لە تشرینی دووەمی ١٩٧٧ بۆ میسر، كە مەبەستی بوو خۆی( بە پیاوی ئاشتی) بە رۆژئاوا بناسێنێت. لێرەشدا(ئیسماعیل فەهمی) وەزیری دەرەوە دەشتی لە كاركێشایەوە، ئەگەرچی زۆر لایەنگیری( سادات) بوو لە مەسەلی ئاشتیو پەیوەندی بە ئەمریكاوە، بەڵام ئەم هەنگاوەی لەبەر ئەوە بوو كە ناوبراو لە كۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی دەرەوە لە تونس تووشی سەرسومان بوو لە بارەی پەیماننامەی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل، ئەویش بێ ئاگای خۆی راگەیاند، ئەمەش( فەهمی) تووره كرد كە( سادات) هەنگاوی لەم شێوەیە دەهاوێت بێ ئەوەی حیساب بۆ ئەو بكاتو پرسی پێبكات.

كاتێكیش پەیماننامەی( كامب دیڤید)و پەیماننامەی( ئاشتی) لەگەڵ ئیسرائیل واژۆ كرد، هەر یەك لە (محەمەد ابراهیم كامل) وەزیری دەرەوە،( فەریق جمسی) وەزیری جەنگ، (محەمەد عەلی فەهمی) سەرۆكی ئەركان لە ساڵی ١٩٧٨ دەستیان لە كار كێشایەوە، لەگەڵ ئەوەش( سادات) داوای( سید مەرعی) كرد وەكو سەرۆكی ئەنجوومەنی گەل دەست لەكار بكێشێتەوەو كار بۆ هەڵبژاردنێك لە ١٩٧٩ بكرێت. بەمەش لەم ساڵەدا(سادات) هەموو ئەم دەنگە نمیچە ئۆپۆزسیۆنانەی ناو وڵاتی دەست بەسەر داگرت.

---

(٢) حوسنی موبارەك فەرماندەی هێزە ئاسمانییەكان هاتە شوێنی.

## هەنگاوەکانی لە بواری دەرەوە

هاوکات لەگەڵ ئەوەی بارودۆخی ناوخۆی وڵات لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی( ئەنوەر سادات) گۆرانکاری تێکەوت، ئەم هەنگاوە ڕەنگدانەوەی هەبوو بەسەر پەیوەندییە دەرەکییەکانیش چونکە چۆن سەردەمی( جەمال عەبدولناسر) میسر کێشەی رزگارکردنی میسری هەبوو لە داگیرکاری بریتانی، ئاوەهاش سەردەمی( سادات) رووبەرووی کێشەی رزگار کردنی( سینا) ببوویەوە لە داگیرکاری ئیسرائیلی.

لە تێکرایی سەردەمی فەرمانڕەوایەتی( سادات) دا پەیوەندییە دەرەکییە بە سێ قۆناغ رۆیشتن.

قۆناغی یەکەم: لە سەرەتای وەرگرتنی دەسەڵاتی لە تشرینی یەکەمی ١٩٧١ تا تشرینی یەکەمی ١٩٧٣. کە تیایدا( سادات) وابەستە بوو بە هەنگاوە سیاسییەکانی( ناسر) بە تایبەت بەرانبەر بە سۆڤییەت و ئەمریکا. بەو ئومێدەی چەك و جبە خانە لە سوڤییەت دەستبەر بکات و، ئەمریکاش ناچار بە ئاشتی بکات لەبەر بەرژەوەندییەکانی لەناوچەکەدا، کە بەم هەنگاوەی دوو ئامانجی دەپێکا، کاتێك لە لایەك سەرنجی کۆمەڵێك سیاسی ناوداری لە هەوادارانی ناسر بە لای خۆیدا راکێشاو، لە لایەکی دیکەش ئەمریکییەکان دڵخۆش کرد بە دەرکردنی شارەزاییە سۆڤییەتییەکان لە تەمموزی ١٩٧٢[٣]. ئەگەر بزانیین لە بەرانبەر ئەم هەنگاوەدا ( کیسنجەر) وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەوان بێ هیچ بەرانبەرێك ئەم دەستکەوتەی دەستکەوتووە. سۆڤییەتیش بۆ لە دەست نەدانی هاوکارییە عەرەبییەکەی لە لایەك و پاسەوانی کردن لە سوریا لە بەرانبەر ئیسرائیل لە لایەکی دی، لە مانگی یەکی ١٩٧٣ژمارەیەکی زۆر چەك و تەقەمەنی بۆ میسر ڕەوانە کردووە.

قۆناغی دووەم، شەڕی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣. کاتێك( سادات) هیچی لە ئەمریکا دەست نەکەوت، دەبوو کارێکی بکات بۆ دوا رۆژی سیاسەتی دەرەوەی میسر بەگشتی و لە چوارچێوەی شەڕی عەرەب ئیسرائیل بە تایبەتی دەربخات، هەروەها لەم سەردەمەشدا لە ناوخۆی وڵاتیش رووبەرووی ڕەخنەرو نارەزایی چەپەکان ببویەوە، بە هۆی ئەوەی زۆر جەختی لەسەر ئەوە کردبۆوە کە ناوچە داگیرکراوەکان دەگێرێتەوە. بۆیە بانگی شەڕدا.

لێرەشدا سێ فاکتەر بوونە پاڵنەری هەنگاو نانی ئەو کارە.

١- شەڕی وەسیلییەکە بۆ کۆتای هێنا بە ململانییەو، ناوبراویش سوود لەوە دەبنینێ کە هیچ کامیان ناتوانێ بەهێز کۆتایی بەوەکەی دیکە بهێنێت.
٢- ئەم هەنگاوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناچار دەکات بە هۆی پەیوەندییەکانی بە ئیسرائیلەوە وەکو هێزێکی سیاسی کاریگەر بارەکە چارەسەر بکات و ٩٩٪ مەلەفی ئەو کێشە بگرێتە ئەستۆی.
٣- (سادات) گەیشتبووە ئەم بیروارایەی میسر شوێن پێگەی گرنگی لە ناو وڵاتانی عەرەبی هەیە، بۆیە ئاساییە ئەویش دەبێتە سەرکردەیەکی دیار، بەمەش هەم میسر سیادەی ناوچەیی خۆی دەپارێزێت، هەم جەخت لەسەر کێشە فەلەستین و مەشروعییەتی دەکات.

(ئەنوەر سادات) دوو سەفەری لە ئابی ١٩٧٣ بە نهێنی کرد، یەکەمیان پارەیەکی باشی لە سعودیا هێناو، دووەمیشیان نەخشەیەکی سەربازی تۆکمەی لەگەڵ سوریا دارشت[٤]. لێرەشدا لەبەر ئەوەی ئەمریکا وای هەست کرد میسر بە هەمان شێوەی شەڕەکانی( ١٩٤٨، ١٩٥٦و،١٩٦٧) سەرکەوتوو نابێت، بۆیە مەسەلەکەی بە هەند وەرنەگرت و، میسریش لە ٦ی تشرینی ١٩٧٣ لە شەوی چەژنی(غفران) یەهودییەکان هێرشی کرد لە ماوەیەکی کەمدا میسرییەکان پێشرەوییەکی باشین کرد، لێرەشدا

---

(٣) جگە لەمە هۆکاری ناوخۆو پاڵەپەستۆ سعودیاش رۆڵی هەبوو لە دەرکردنیان .

(٤) لەم سەردەمە تازە (حافز ئەسەد) لە سوریا هاتبووە سەر حکوم، پەیوەندییەکانی باش ببۆوە لەگەڵ میسر، بەڵام لەگەڵ( سادات) هیچیان) دانی بەوەی تر نەدەنا و ئامانجیان جیاواز بوو، ( ئەسەد) مەبەستی بوو ئیسرائیل لە ناوچەکانی سوریا دەربکات. ( سادات) ئامانجی بوو ئەمریکا رووی تێ بکات هەڵوێستی لە بەرانبەر شەڕی رۆژهەڵاتی ناوەراست بگۆرێت و میسر بە چاوی ئیسرائیل تەماشا بکات.

ئەگەرچی وڵاتە عەرەبییەکانی هاوکاری باشیا کرد بەڵام دواجار کاریگەری نەبوو لەسەر یەکلاکردنەوەی ئەنجامەکان لە ڕووی سەربازی، چونکە ئیسرائیل بە توندی وەڵامی دایەوەو هاوکاری باشی کرا لە لایەن ئەمریکاوە.

بە گەرم بوونی شەڕەکە، ئەمریکا هاتەوە هۆشی خۆی، کە بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی لە هەندێك لایەن نەبەستراوەتەوە بە ئامانجی سەربازیو هەرێمی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا، بۆیە لەگەڵ سۆڤییەت لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی جەختیان کر بە زووترین کات شەڕ بوەستێت لەسەر بڕیار نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە( ٢٤) لە ساڵی ١٩٦٧، بۆ ئەوەی هەر دوولا بچنە ناو ئاشتییەوە، دوای ئەمەش لە نتەوە یەکگرتووەکان بریاری ژمارە(٣٨) لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣ دەرچوو، بەمەش شەڕ ڕاوەستلو لە ژێر چاودێر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هەر دوولا لە(جنێف) کەوتنە گفتوگۆ کردنەوە.

شیاوی باسە،( سادات) سەرکەوتوو بوو لە راکێشانی سەرنجی ئەمریکا بۆ ناوچەکە، کاتێك ئەمریکا دوای شەڕەکە ٩٩٪ مەلەفی کێشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتە ئەستۆو، بەمەش پەیوەندی میسریو ئەمریکی بوویەوە. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە هەر لە ئەنجامی شەڕەکەوە پەیماننامەی سینای یەکەم لە مایسی ١٩٧٤ واژۆکراو ئیسرائیل لە بەشی رۆژهەڵاتی نۆکەند کشایەوە، دواتریش پەیماننامەی سینای دووەمی لە ئەیلولی ١٩٧٥ بە دوای خۆیدا هێنا، کە لێرەوە هێزێکی مەدەنی ئەمریکی هات بۆ مەمەرەکان بۆ رێگەتن گرتن لە هەڵگیرسانی شەڕ.

(سادات) ساڵی ١٩٧٧ ئامادەی خۆی نیشاندا بچێتە ئیسرائیل، سەرۆك وەزیرانی ئەو ویلاتەش( مناح بيجين) ١٩ی تشرینی دووەمی ١٩٧٧ بۆ دەست نیشان کرد. هەر دوو لا لە ژێر چاودێری( جیمی کارتەر) سەرۆکی ئەمریکا، رێکەوتننامەی (کامپ دیڤید) یان واژۆکرد، دواتریش لە ٢٩ی مارتی ١٩٧٩ پەیماننامەی واشنتن، کە ئەمەش رێگای خۆشکرد لە ساڵی ١٩٨٠ سەفارەتی هەردوولا لە وڵاتەکانیان بکرێتەوە.

ئەم هەنگاوانەی( سادات) هەم بووە جێگای نارەزایی یەکێتی سۆڤییەت، هەم وڵاتانی عەرەبی، ئەگەر بزانیین لە دانیشتنی کۆنگرەی وڵاتانی عەرەبی ساڵی ١٩٧٨ داوایان کرد( جامعەی ولاتانی عەرەبی) لە میسرەوە بگوازرێتەوە بۆ تونس، هەر بەوەشەوە نەوەستان زۆربەی وڵاتان پەیوەندییەسیاسیو ئابوورییەکانی خۆیان بری لەگەڵ میسردا.

## ئیخوان موسلمین له سەردەمی( سادات )

له کۆتاییەکانی سەردەمی فەرمانڕەواییەتی( جەمال عەبدولناسر) ئەندامی ئیخوان موسلمین له بەندیخانەوە کەوتبوونەوە خۆڕێکخستن، به مردنی (ناسر) سەرەتاییەکی نوێیان دەست پێکرد، ئەوەشی به فعلی سەرکردایەتی ئەم ڕێکخراوەی دەکرد بریتی بوون له هەر یەك لەك( مستەفا مەشهور، ئەحمەد حوسێن، ئەحمەد مولتو، حسنی عەبدولباقی).

کاتێك( سادات) له سەرەتاکانی حکومڕانی کەوتە ململانێ لەگەڵ لایەنگرانی( ناسر)و ئەنجامەکەی به سەرکەوتنی ئەو کۆتایی هات، مێژوویەکی نوێو هەلێکی تازە بۆ ئیخوان موسلمین دەستی پێکرد، چونکە( سادات) له توانانی نەبوو به تەنیا دژایەتییان بکات، بۆیە دەبوو پەنا بۆ هێزێك ببات، لێرەشدا دژایەتی(شا فەیسەڵ)ی سعودیا بۆ سۆڤییەت دەرفەرتی هاریکاری له نێوان( سادات) و ئیخوان ڕەخساند.

له هاوینی١٩٧١ (شا فەیسەڵ) دیدارێکی له نێوان(سادات) و سەرانی ئیخوان له دەرەوە میسر له(جنێف) له شوێنی حەوانەوەی( سادات) ڕێکخستو سەرۆکی ئیخوان( سەعید ڕەمەزان) ئامادەی دیدارەکە بوو. له دانیشتنەکەدا(سادات) وتبوونی:" **بەدەست هەمان ئەو کێشانەوە دەناڵێنێت که ئەوان پێشتر گیرۆدەبوون پێیەوەو هاوئامانجە له دژایەتی کرجنی شیوعییەتو بێ باوەڕیدا**"، هەوروەها پێ ڕاگەیاند بوون ئاسانکارییان بۆ دەکات تا بگەڕێنەوە میسرو کاروچالاکییەکانیان به ئاشکرا ئەنجام بدەن.

به ئازادبوونی وەجبەی یەکەمی زیندانیانی ئیخوان،( عومەر تەلمسانی)یش ئازاد بوو، لەم کاتەشدا( سادات) خەریکی دەکردنی پسپۆرە سۆڤییەتییەکان بوو، ئامادەی خۆی نیشاندا که سەرانی ئیخوان ببینێتو هاوکاریان پێشکەش بکات، لەم چوارچێوەشدا هەوڵدرا ڕێککەوتنی کۆتایی له نێوانیان واژۆ بکرێت، بەڵام له ناکاو پەیوەنییەکان تێکچون، چونکە( سادات) داوای کرد بوو ئەم مەسەلەیە بۆ کاتێکی دیکە دوا بخرێت. کەچی هێندەی پێنەچوو پەیوەندییەکان دەستی پێکردەوە، داوا له ئیخوان کرا راوبۆچوونی خۆی لەسەر مەسەلەی چاکسازی به نووسین ئامادە بکەن تا( سادات) له داواکارییەکانیان بکۆڵێتەوە، ئەنجام ئیخوان لەگەڵ( حوسنی موبارەك) جێگری سەرۆك کۆمار دانیشتن، بەڵام ئەم هەنگاوەش له ناکاو ڕاگیرا.

له دوای ساڵی ١٩٧٥ ئیخوان هەولێدا دەست به چالاکی بکاتەوە لەسەرتاسەری وڵات، لەم نێوەندەش له ناو ئیخوان دوو بیرورا هەبوو، یەکەمیان دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی به گرنگ دەدایە قەڵەم. دووەمیان ئەوە هەنگاوەیان به زوو دەزانی. ئەنجام له تەمموزی ١٩٧٦ ژمارەی یەکەمی گۆڤاری( الدعوە) بەسەرپەرشتی( عومەر تەلمیسانی) دەرچووو، که تیایدا هەڵوێستی ئیخوانی دەربارەی هەر یەك له دژایەتی بۆ ناسرییەکانو ئەمریکاو سۆڤییەتو کێشە ناوخۆییەکان دەردەبری.

جێگای باسە، لەم ماوەیەدا دوو هەڵوێست له ناو حکومەتی میسری له بەرانبەر ئیخوانەکان هەبوو. یەکەم لەگەڵ ئەوە بوون ڕێگەیان پێبدرێت مادام دژایەتی سۆڤییەت دەکەن. دووەم: دژی بوون چونکە به مەترسیان دەزانی بۆ لێکترازانی ریزی نیشتمانی، بەتایبەت( قبتییەکان). (سادات) لەگەڵ ئەوەی دووەمیان بوو، راگەیاندبوو ڕێگەنادات حزبێك لەسەر بنەمای سیاسی دابمەزرێنن.

له هەڵبژاردنەکانی ١٩٧٦ ئیخوان له ریزی حزبی میانڕەو بەشداری کردو ڕۆڵی کاریگەری بینی له وەی زۆربەی دانیشتنەکان ژمارەیەکی زۆر خوێندکارانو لاوان ئامادەبوونو داوای گەڕانەوەی شەریعەتی ئیسلامیان دەکرد. ئیخوانەکان هاوکاری زۆری (سادات)یان کرد له دژی هەر دوو:

١- هێزی چەپەکان(مارکسی، سۆسیالیستیو ناسرییەکان) که دژی کرانەوەی ئابووری بوونو به هۆکاری گەورە بوونی کەلێنی نێوان چینەکانو قوڵبوونەوەی قەیرانی ئابووریان دەزانی.

٢- گروپی( تەکفیر) که پێکهاتبوون( له تاقمی سالح سریە" تاقمی کۆلێژی هونەری سەربازی")و تاقمی( التکفیر والهجرە).

دەست پێشخەری ڕێکەوتنی نێوان میسرو ئیسرائیل له قودس تارادەیەك ناکۆکی خستە نێوان( سادات)و ئیخوانەکان، بەڵام سەرەتا نەیان توانی بەم شێوەیە دژایەتی بکەن تا ئەوەی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل لەسەر مەرجەکانی( سادات) رازی نەبوو، پەیوەندییەکان بۆ ماوەیەکی کاتی وەستان. ئیتر ئیخوانەکان له شوباتی ١٩٧٨ به نوسین باسیان له مەرامی ئیسرائیل کرد بوو که

ئامانجیان دروست کردنی دەوڵەتێکە لە فوراتەوەو تاوەکو نیل. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکە لەگەڵ ڕێکەوتنی( کامپ دیڤید) هەڵوێستەکانی ئیخوان پێی نایە قۆناغێکی تازەوەو لە گۆڤارەکەیان بە توندی کەوتنە دژایەتی کردنی. ئەنجام پەیوەنییەکان لە ساڵی ١٩٧٩ بە تەواوەتی تێکچوو، دوای ئەوەی لە گۆڤاری( الدعوە) ڕاپۆرتێکی هەڵبەستراو بڵاوکرایەوە کە تیایدا هاتبوو( سادات) فەرمان لە ئەمریکا وەردەگرێت، بەمەش گۆڤارەکە وەستێنرا. جگە ئەوەش ئەوەی ناکۆکییەکانی توتترکرد پاڵپشتی کردنی ئیخوان بوو لە هەڵبژاردنەکانی پارێزەران لە( عەبدولعەزیز شۆریجی) کە دژی(کامپ دیڤید) بوو،( ئەنوەر سادات)یشی بە دیکتاتۆر دابوویە قەڵەم.

شیاوی باسە گروپی( تەکفیر) کە پێکهاتبوون( لە تاقمی سالح سریە" تاقمی کۆلێژی هونەری سەربازی")و تاقمی (التکفیر والهجرە)، لە سەرەتای ١٩٧٤ هەڵسان بە ئەنجامدانی کودەتایەك دوای ئەوەی سەرکەوتنیان بەدەست هێنا لە دەست گرتن بەسەر تەلاری کۆلێژی هونەری سەربازی، ئیتر نەخشەی دوای ئەوەیان ئەوە بوو هێرش بکەنە سەر بارەگای( یەکێتی نیشتمانی) لە ناوەڕاستی پایتەختدا، بەڵام هیزەکانی پۆلیس توانیان سەرکوتنیان بکەن ژمارەیەکی زۆریان لێ بەدیل بگرن‌و زیندانیان بکەن‌و دوو کەسی گەورەیان لە سێدارە دران.

لە لایەکی دیکە گروپی (التکفیر والهجرە)، خراپی باری ناوخۆیان لە ساڵی ١٩٧٧ قۆزستەوە، لە کانوونی دووەم هەڵسان بەرفاندنی ( شێخ زەهەبی) وەزیری ئەوقاف‌و دواتر کوشتیان. بەمەش پۆلیس کەوتە هەنگاو هەڵهێنانی سیاسەتی توندوتیژی لە دژی ئیسلامییەکان‌و پێنج کەسی گەورەی لە کۆمەڵی(التکفیر والهجرە) لە سێدارەدا. ئیتر قاڵبوونەوەی ئەم کێشانەو، توندوتیژییەکانی (سادات) لە بەرانبەر گروپە ئیسلامییەکان بووە هۆکاری ئەوەی لە ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٨١ تیرۆر بکرێت.

## لایەنی ئابووری لە سەردەمی سادات

(سادات) لە شەڕی ئۆکتۆبەر تاڕادەیەك دەستکەوتی سیاسی باشی بە دەست هێنابووو، بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سەلماندبوو کە میسر پێگەیەکی بە هێزی هەیە لە ململانێیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەروەها بۆ نیشتمانی عەرەبیش سەلماند بوو، کە دەتوانێت سەرکردایەتی ململانێی عەرەب ئیسرائیل بکاتو سەرکەوێت بە سەریدا. بۆیە لەسەر ئاستی ناوخۆی میسر (سادات) وەکو سەرکردەیەکی گەورە سەیر دەکرا، لەم رووەشەوە(سادات) لە لایەن خەڵکەوە وسەیر دەکرا کە لە توانایدا هەیە کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکات بە تایبەت کێشە ئابوورییەکان.

کاتێکیش تا دەهات بارەکە لە رووی ئابوورییەوە ئاڵۆزتر دەبوو( سادات) هەنگاوی بۆ بەرنامەیەکی ئابووری نا، کە دواتر بە کرانەوەی ئابووری ناوی دەکرد. مەبەست لەم بەرنامەیە سوود وەرگرتن بوو لە شارەزایی شارەزاکانی بیانیو ماڵو موڵکی وڵاتانی عەرەبی.

مایسی ١٩٧٤،( سادات)( وەرەقەی ئۆکتۆبەر)ی بەرزکردەوەو تیایدا هیلە سەرەکییەکانی گۆرانکاری لە سیاسەتی میسر تیایدا دیاری کرابوو، بەوەی لە بەرنامەکەدا هاتبوو، پەرەسەندنی ئابووری پێویستی بە بەشداری لایەنی سیاسی هەیە، بەوەی ئەم بەرنامەیەی( سادات) داپڕشت بوو هەنگاوەکانی بەرەو تایبەتمەندی دەبرد، کە تیایدا کەرتی تایبەت پشکی شێری بەر کەوتبوو. لەگەڵ ئەوەی لە بەرنامەکەدا شوێن بۆ کەرتی گشتی هێشترابوویەوە، هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد بوو کە دەبێت پشت بە کەرتی تایبەتی بیانیش ببەسترێت.

لەم چوارچێوەیەدا یاسای ژمارە(٤٣) لە ساڵی ١٩٧٤ دەرچوو، کە دواتر لە ساڵی ١٩٧٧ هەندێ برگەی هەموار کرایەوە. بەندەکانی ئەم یاسایە گەورەیەکی زۆریداوەتە کرانەوەی ئابووری لە ماوەی حەفتاکانی سەدەی بیست کە میسر بە خۆیەوەی بینیوە.

لایەنی بەرهەم هێنان لە یاساکەدا دیار کراوە بۆ( پیشەسازی وزە، گواستنەوەو گەیاندن، چاکسازی کشتوکاڵی، نیشتەجێ بوون، دورست کردنی تەلار، بە خێوکردنی ئاژەڵ، راوکردن، خۆماڵکردنی کۆمپانیا، کۆمپانیانی هونەریو بانکەکان)، هەروەها ئەم یاسایە زۆر گرنگی داوە بە بەرزبوونەوەی ئاستی ئابووری میسر لە بەرانبەر بەرهەم هێنانی بیانی، بۆیە لە زۆربەی پرۆژەکان هەولێداوە سەروەتی میسر تیایدا بەکاربهێنرێت، جگە لە پرۆژەی بانکەکان نەبێت کە سەروەتی وڵاتە عەرەبییەکانو بیانییەکانیش تیایدا بەکار هاتووە. لە هەموو هەنگاوەکانیدا( سادات) زۆر بیری لەوە کردۆتەوە تا دەکرێت ئابووری میسر لە کۆتو بەندەکان بەدوور بگرێت.

بە زیادە لەگەڵ یاسای ژمارە(٤٣) ساڵی ١٩٧٤، کۆمەڵێك یاسای دیکە دەرچوون، لەم بارەیەوە کە یارمەتی کەرتی تایبەتی میسری دەدا، لە وانە دەکردنی یاسای ژمارە(٣٩) لە ساڵی ١٩٧٤ کە رێگای بە کەرتی تایبەتی میسری دەدا وەکالەتی کۆمپانیا بیانییەکان وەربگرن، کە بەپێی یاسای ژمارە(١٠٧) ساڵی ١٩٦٢ ئەم هەنگاوە تەنیا مافی کەرتی گشتی بوو. بەمەش لە ساڵی ١٩٧٨ هەزار وەکالەت لە کەرتی تایبەت هەبوون کە نوێنەرایەتی (٢٦٠٠) کۆمپانیای بیانیان دەکرد. ئەوە لەلایەك، لە لایەکی دیکە بە پێی یاسای ژمارە(١١٨) لە ساڵی ١٩٧٥ ئەم هەنگاوە هەرەسی هێنا کە کەرتی  گشتی بازرگانی هاوردەو ناردنە دەرەوە ئەنجام بدات، بەمەش لە زۆربەی هەنگاوەکان کەرتی تایبەت کەوتە ململانێی کەرتی گشتییەوە تەنیان لە (١٨) مادەی کەلو پەلی خۆراکی نەبێت کەرتی گشتی لە دەرەوە دەیهێنا.

لە لایەکی دیکەشەوە یاسای ژمارە( ١١١) لە ساڵی ١٩٧٥ ئەو دەزگایەی هەڵوەشاندەوە کە هەنگاوەکانو کارەکانی کەرتی گشتی رێك دەخست، بەمەش کەرتە گشتییەکان بوون بە سەربەخۆو هەریەکەیان دەیتوانی راستەوخۆ کار لەگەڵ کەرتی تایبەت بکات، هەر ئەوەش بوو دواتر توانرا یەکە ئیدارییەکان بفرۆشێتەوە بە کەرتی تایبەتی، بە ئامانجی ئەوەی رێگا لەبەردەم بەرهەم هێنان خۆشتر بکات.

شیاوی باسە، دوای ئەوەی مەسەلەی کرانەوەی ئابووری لە میسر رێڕەوی یاسای خۆی وەرگرت لەم ماوەیەدا، دەبوو کار بۆ سەرنج راکێشانی وڵاتە بیانییەکان بکرێت بۆ ئەوەی هانی کەرتی تایبەتی بدات، بەوەی هەر هیچ نەبێت بارێکی ئارامی سیاسی نیشان بدرێت. چونکە ئەوەی مەسەلەکەی لە رووی دەرەوە ئاسان کرد بوو ئاسایی بوونەوەی کێشەی میسرو ئیسرائیل بوو، بۆیە دەبوو لە رووی ناوەوەی میسریش ئەوە دەستەبەر بکرێت. لێرەشدا دەبوو یەکەم هەنگاو میسر خۆی لەم نەفەقاتە سەربازییانە بە دوور بگرێت کە لەساڵی ١٩٦٧ بە(٧٠٠) ملیۆن جونەیی میسری خەملێنراوە، کەچی( عەبدولعەزیز حیجازی) سەۆك وەزیرانی میسرو بەرێوەبەری جێبەجێکاری بەرنامەی کرانەوەی ئابووری بە رووی رۆژئاوا لە ساڵی ١٩٧٤ ئەو برە نەفەقاتەی بە(٢.٥٦) ملیۆن دۆلار خەملاندووە. لە لایەکی دیکەوە ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٣ تا تشرینی یەکەمی ١٩٧٥ میسر(٤.٤٥) بلیۆن دۆلار لە بەرهەم هێنانی وڵاتانی عەرەبی وەرگرتووە.

لێرەشدا ئەم ژمارانە پێچەوانەی واقعی قەبارەی بەرهەم هێنانی تەواوی ژێرخانی ئەم پرۆژە گرنگەیە کە سەرەتاکەی لەم دوو ساڵە دەستی پێکردووە، کەبەشی زۆریش لەم بەرهەم هێنانە فرۆشرا بە کەرتی تایبەت بۆ کەرتی گەشتو گوزارو دروست کردنی ئوتێل. بەمەش (٦٥٪) وەبەرهێنەکان هاتبوونە میسر، هەروەها کەرتی دارایی پەرەسەندبوو لە حەفتاکاندا لەگەڵ ئەوەی ئەم پارەیەی بۆ میسر دەهات دایار بوون، بەڵام (٧٢٪) کەلو پەلی (٣٣) بانك لە میسر کاریان دەکرد لە ١٩٧٨، ئەوە جگە لە بانکە بیانییەکان کە خۆیان پارێزگارییان لە کارەکانیان دەکرد لە دەرەوە.

دەستی کاری ناوخۆ(٥٠٪) حیساباتی بنکیان هەبوو لە دەرەوە وڵات، مانای وابوو کەرتی دارایی لە ئابووری ناوخۆدا زۆترینی لەدەرەوە بەکاردەهێنرا.

لە راستیدا لەم ماوەیەدا سەبارەت بە گەرتی پیشەسازی هیچ وەبەرهێنەکی عەرەبیو بیانی نەهاتنە میسر بۆ کار کردن، لەنێو ئەو (٢٠١) کە میسر لە ساڵی ١٩٧٦ دروستی کردبوون بۆ کارکردن لە چواچێوەی ئەو یاسایانەی کە بۆ بەرهەم هێنانی کەرتی تایبەت دانرابوون، کەچی رێژەی بەرهەم هێنانی پرۆژە پیشەسازییەکان(١٢٪) لە وەبەرهێناندا زیاتر بەرزنەبوویەوە. بۆیە ئەم پەرەسەندنە ئابوورییانەی کە لە میسر لە حەفتاکان بە خۆیەوەی بینی تەنیا لایەنی بەکارهێنانو خزمەتگوزاری گرتەوەو، سەرباری ئەوەش هەموو ئامادەباشییەك بۆ بەرهەم هێنە بیانییەکان دابین کرابوو. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە کەرتە تایبەتەکانی میسر نەیاتوانی پێشکەوتنی وا لە پرۆژە ژێرخانە گرنگەکان دابین بکات بۆ ئەوەی گەشە بە ئابووری وڵات بدات، چونکە ئەوان مەبەستیان بوو قازانج زیاتر دەستبەر بکەن، بەمەش لە ماوەی مایس ١٩٧٤ تا ئابی ١٩٧٦ سەرمایەی بازرگانی بەرزبوویەوە لە (٤١٪) بۆ (٥٧٪) لە کۆی سەرمایەی میسری، بۆیە هاوردەکان بە رێژەیەك زیادیان کرد بوون بە چوار ئەوەندی خۆیان لە ١٩٧٣ بۆ ١٩٧٥. هەر ئەوەش بوو لە تەنیا هاوردە بەکارهێنراوەکان لە ١٩٧٥ بۆ ١٩٧٦ شەش جار بەقەد خۆیان زیادیان کرد. بەمەش واتا کۆی بەرهەمی گشتی ناوخۆ بەرزبوویتەوە لە( ٠.٣) بۆ (١.٣) لە هەمان ساڵدا.

لێرەشدا تا دەهات هەڵاوسان زیاتر دەبوو، حکومەتی میسری ناچار بوو رێژەی قەرزەکانی بەرز بکاتەوە کە لە ساڵی ١٩٧٤(٥٥٪) زیادی کردو، لە ساڵی ١٩٧٥ بوو بە سێ یەکی بەرهەم هێنانی ناوخۆ. لە ساڵی ١٩٧٦ جگە لە قەرزی سەربازی، حکومەتی میسری (٤٢٦٠) ملیون جونەیی میسر واتە( ٩٠٪) کۆی بەرهەمی ناوخۆ قەرزا بوو. بری ئەم قەرزە توانی بوو( ٦٪) بۆ کۆی گشتی بەرهەم هێنانی ناوخۆ خەرج بکرێتو( ٥٠٪) بۆ هاوردەی دەرەکی. کاتێکیش قەرزە سەربازییەکان دەخرایە سەری، قەرزی دەرەکی میسری زۆر زیادی دەکرد لەکۆی بەرهەم بەرهەم هێنانی ناوخۆیدا، کە دەبینرا بە رێژەی( ١٠٪) بۆ بەرهەمە ناوخۆییەکانو، (٧٠٪)یش بۆ هاوردە دەرەکییەکان بوو.

بەرانبەر ئەو قەبارە دیاری کراوەی بەرهەم هێنانی دەرەکیو، ئەو گەشەسەندنە ئابوورییە بەکارهێنراوە زیاتر پاڵەپەستۆی دەکرد لەسەر زۆر بوونی هەڵاوسان، ئەمەش هیچ هەنگاوێکی دیکەی بۆ(سادات) نەدەهێشتەوە، بۆیە لە ساڵی ١٩٧٥ سەردانی ئەمریکای کرد رێژەیەکی زۆر پارەی لەم وڵاتە قەرزکرد، بەمەش کورت هێنان لە ئابووری میسر گەیشتە( ٥) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی. بۆ کەم کردنەوەی ئەم پاڵەپەستۆیەش( سادات) لەساڵی ١٩٧٧ بانگی ئەوەیدا، کە سووی دانەوەی قەرزی سۆڤییەت بۆ

ماوەی(١٠) ساڵ دوادەخات، جگە لەوەش جارێکی دیکە چوویەوە ئەمریکاو زۆرترین تەنازوڵاتی سیاسیی پێشکەش کرد، بەمەرجی ئەوەی چارەسەری باری ئابووری وڵات بکات، تا رووبەرووی ئۆپۆزسیۆزی ناوخۆی وڵات نەبێتەوە

بەڵێنەکانی(سادات) بۆ چاکسازی، خەڵکی میسری توشی بێ ئومێدی کرد، بۆیە لە ١٨و ١٩ی کانوونی دووەمی ١٩٧٧ هاتنە سەر شەقامەکانو ئامانژەیان بۆ ئەوە کرد، کە(سادات) لە سیاسەتی گەشەسەندنی وڵات شکستی هێناوەو، داوای نانیان دەکرد، ئەم رووداوە گرنگترین رووداو بوو لە دوای( حریق قاهیرە ١٩٥٢) کە میسر بە خۆیەوەی بینی، تیایدا(٧٩) کەس کوژران، (٨٠٠-١٠٠٠) کەس بریندار بوونو، نزیکەی(٦٥٠٠) کەس گیران، هەروەها سوپا رژانە ناو شەقامەکان بۆ سەرکوت کردنی رووداوەکە، دەبابە هاتن بۆ پارێزگاری لە شوێنی(سادات)، ئەمەش مانای ئەوەیە کە(سادات) زۆر پێویستی بە سوپا هەبوو بۆ پارێزگاری کرد لە رقو توورەیی خەڵکی، لێرەشدا ناچار بوو بڕیاری هەڵوەشانەوەی کۆتایی هێنان بە پاڵپشتی کەلوپەلی خۆراکی بنەرەتی بدات، کە ئەو بڕیارە رۆژی پێشووتر دەرچوو بوو، ئەمەش دژی( سندوقی دراوی نێودەوڵەتی) بوو. (سادات) بۆ ئەم رووداوە چەپەکانی تۆمەتبار کردو بە پلانی ئەوانی دانا کە مەبەستیانە لە کەسایەتی ئەو بدەن.

بە تێکرایی( سادات) مەبەستی بوو میسر لە رووی ئابوورییەوە بە سەرمایەی رۆژئاوە ببەستێتەوە، بەڵام تیایدا سەرکەوتوو نەبوو، بە تایبەت ئەگەر بزانیین بە هاتنی ساڵی ١٩٨١ قەرزە مەدەنییەکان گەیشتە(١٩٥٠٠) ملیۆن دۆلارو، قەرزە سەربازییەکانیش(٥٧٠٠) میلۆن دۆلار، کە تێکرایی دەکاتە(٢٥٠٠٠) ملیۆن دۆلار، بەمەش واتا قەرزەکان لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی(سادات)( ١٠) جار بە قەد خۆی زیادی کرد بوو.


١- بیتر مانسفیلد، تاریخ الشرق الاوسط، ترجمة: عبدالجواد سید عبدالجواد.
٢- د. عبدالعضیم رمضان، جماعات التفکیر في مصر، الاصول الفکریة التاریخیة، وەرگیراو لە شوان احمد، ئیسلامی سیاسی.
٣- د. مایسة الجمل، النخبة السیاسیة في مصر دراسة حالة للنخبة الوزاریة، الطبعة الثانیة، بیروت، ١٩٨٢.
٤- یاسین صالح حەمە، رۆڵی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیو کاریگەری لە سەر هەندێ لە رژێمە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی ناڤین، ماستەر نامە، ٢٠٠٩.
٥- حسن ابو طالب، علاقات مصر العربیة ١٩٧١-١٩٨١(مرحلة سادات).